# له ژێر دروشمی جیایی دین له دەوڵەت و یەکسانی تەواوله نێوان ژن و پیاودا چەندین چالاکی شکۆدار له ڕۆژی جیهانی ژناندا له نەرویج بەڕێوە چوو

به بۆنەی 8 ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەوە، ڕێکخراوی نەرویجی حزب و ڕێکخراوی ئازادی ژن، وە به هاوبەشی لەگەڵ کۆمیتەی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_حیکمەتیست و سازمانی ڕەهایی ژن له چەند ڕۆژێك پێش 8 ی مارسەوە چەند چالاکی و هەڵسوڕانێك ئەنجام دران.

ڕۆژانی 4 و 5 ی مارس مێز کتێب و پیکیتی نارەزایەتی له سەنتەری شاری ئۆسلۆدا دانرا که تیایدا سەدان کەس سەردانی مێزەکەیان کردو جگه له وەرگرتنی بەیاننامەکانی 8 ی مارسی حیزب و ڕێکخراوی ئازادی ژن له عێراق، پشتگیری خۆیان بۆ خەباتی ژنانی عێراق نیشان دا و سەدان ئیمزا بۆ پشتیوانی له کۆنفرانسی 9 ی مارسی شاری بەغداد کۆکرایەوە. وە کەسێك که عەبایەکی ڕەشی بەسەردا دابووە وە زنجیرێکی له مل کردبوو وەك ڕەمزێك بۆ سەپاندنی حیجاب و کۆیلەکردنی ژنان له عێراق، لەبەردەم مێزکتێبەکەدا وەستابوو که بووبووە مایەی سەرنجڕاکێشانی زۆری ئامادەبووان و ڕێبواران.

هەروەها له چەند ڕۆژ له پێش 8 ی مارسەوە بلاوکراوەکانی کلاسەکامپن و نی تید لەگەڵ بەهار مونزیرو فرێدریکستاد بلاد لەگەڵ شیرین محسن چاوپێکەوتنییان لەسەر 8 ی مارس و هەوڵی ئیسلامی‌یەکان بۆ داسەپاندنی دەستورێکی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی ئازادی ژن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ژن و پیاو و دەستورێکی سێکیولار سازدا.

وه سەر له ئێوارەی شەممه 03/05 له ئۆسلۆ ئاهەنگێك سازکرا به بۆنەی 8 ی مارسەوە. سەرەتا ووتەی ڕێکخراوی ئازادی ژن له عێراق له لایەن بەهار مونزیرو دواتریش ڕاگەیاندنی ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزب به زمانی عەرەبی له لایەن کامل ئەحمەدەوە خوێنرایەوە. به دوای ئەوەدا ووتەی مەلەکەی عزەتی بەرپرسی سازمانی ڕەهایی ژن له نەرویج و ڕاگەیاندنی کورشی مودەرسی لیدەری حزبی حیکمەتیست خوێندرایەوە. پاشان ووتەیەك له لایەن نوێنەری کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراقی‌یەوە خوێندرایەوە. بەشی دووەمی بوو به ئاهەنگ و مۆسیقا و گۆرانی.

ڕۆژی 8 ی مارسیش له شاری ئۆسلۆ لەبەردەم بارەگای ئێل ئۆ میتینگی گەورەی ڕۆژی جیهانی ژنان دەستی پێ کرد کەنزیکەی 2000 کەس بەشداربوون تیایدا، یەکەم ووتەبێژ بەهار مونزیر بوو له لایەن ڕێکخراوی ئازادی ژنەوە که تەئکیدی لەوە کردەوە ژنانی عێراقی لەدەست جەهەنەمی ڕژێمی بەعس ڕزگاریان بووەوە بەڵام جەهەنەمێکی گەورەتر لەژێر هەرەشەی به ئیسلامیکردنی کۆمەڵگادا چاوەڕێیانە. ئەمە تەنها زیندانی و ئەسیر کردنی ژنان نی‌یە، بگرە هی تەواوی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە. چونکه ژنان ئازاد نین، چونکه ئەوان پله دووو ژێردەستەو نایەکسانن، تەواوی کۆمەڵگا ئازاد نی‌یە، عێراق ئازاد نی‌یەو کۆمەڵگایەکی یەخسیر کراوە. دیاری شەڕو داگیرکاری ئەمریکا، گیان بەبەراکردنەوەی ئیسلامی سیاسی و بەهێزکردنی ئەوان و بەندکردنی عێراقە، وە بەتایبەتیش ژنان. کەچی هێشتاش ببینن که کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ له سوید پێشنیاری ئەوەیان کردووە که خەڵاتی ئەمساڵ بدرێ به علی سیستانی وەك ڕەمزی ئاشتی. هەر ئەو پەیامه دژی ژنی‌یەی ئەو ڕایگەیاندووە، نەك شایەنی ئەوە نی‌یه ئەو خەڵاتەی پی بدرێ بگرە ئەو لەبەرامبەر به ژناندا تاوانبارەو ئەبێ لەبەردەم دادگای ئازادیخوازانی جیهاندا ڕاوەستێ...... ووتەکانی بەهار لەگەڵ پێشوازی گەرم و چەپڵەڕێزانی ئامادەبووانادا بەرەوڕووبوو. پاشان ڕێپێوان دەستی پێ کرد که بێجگه له چەندین دروشمی دژی توندو تیژی دژی ژنان، سرودی ئەنتەرناسیۆنال له لایەن هەندێ ڕێکخراوی نەرویجی‌یەوە دەووترایەوە.

دواتر دەزگای هەواڵی نەرویجی که هەواڵ بۆ هەموو میدیاکان ئامادە ئەکات قسەو باسی لەگەڵ بەهاردا سازدا. وە تەلەفزیۆنی NRK1 و TV NORGE له بەرنامەکانی ئەو شەوەی خۆیاندا چەند وێنەیەکیان له ڕێپێوانەکەو

لافیتەکانی هەردوو حزب و ڕێکخراو نیشاندا لەگەڵ چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵ مەلەکە عزەتی NRK سازیان دابوو. هەروەها سەدان وێنە لە بەیاننامەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن بە نەرویجی و ڕاگەیاندنی ڕێبوار ئەحمەد بە ئینگلیزی بڵاوکرانەوە. وە صندوقی کۆمەك بە ناو ئامادەبووواندا گەڕێنرا.

چەند ڕۆژێك پێش هەشتی مارس پەیوەندیەك سازکرا لە نێوان وەفدێکی ڕێکخراو کە پێکهاتبوو لە پەیمان غریب و شیرین محسن لەگەڵ ڕێکخراوی کاروباری ژنانی نەرویج (کڤینە ساکسفۆرێنین) لە شاری فرێدریکستاد بۆ ڕێککەوتن لەسەر چۆنێتی بەڕێخستنی 8 ی مارس و شکۆدار کردنی هەر لەوێدا وەفدی ڕێکخراو باسیان لە زەرورەتی بەڕەسمی ناسینی هەشتی مارس وەك پشوی ڕەسمی کردبوو.

ڕۆژی 8 ی مارس لە شاری فرێدریکستادیش هەڵسوڕاوانی حزب و ڕێکخراو بەشداری ڕێپێوانەکەیان کردو بەشداری ڕێکخراو لە چەند ئاستێکدا بوو وە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی بەشداربووانی ڕێپێوانەکەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێبوارانی شار کە لە نزیك ڕێپێوانەکەوە تێدەپەڕین. ئەوەش بریتی بوو لە ئامادەکردنی سیناریۆیەك لە پێشەوەی ڕێپێوانەکەوە کەسێ ئافرەت حیجابیان پۆشی بوو وە دەمیان بە لەزگە بەسترابوو کە ئەمانە ڕەمزبوون بۆ ژنانی ژێردەستی دابونەریتی ئیسلامی کە ئازاد نین لە جل‌وبەرگ و پێچانی دەمیشیان ڕەمز بوو بۆ ئەوەی کە ئازادنین و ماف ناڕەزایەتی دەربڕینیان نی‌یە، دواتر ئەو سێ کەسە کە سۆیبە محەممەدو سۆزان‌وسنور دارا بوون لە کۆتایی ڕێپێوانەکەدا لە لایەن شیرین محسن نوێنەری ڕێکخراو لە شاری فرێدریکستادەوە حیجابەکانیان پێ داگیراو دەمیشیان کرایەوەو ڕایگەیاند کە لە عێراقدا ژنانی بەو جۆرە هەن و ئێمەش هەین و ئەوە ئێمەین کە ئەمانەوێت ڕزگاریان بکەین لەدەست ئەو کۆت و بەندانەی ئیسلام بۆی دروست کردون. ئەم قسەو سیناریۆیە بە چەپڵە ڕێزان پێشوازی لێکرا. شایەنی باسە ئەم سیناریۆیە زۆر سەرنجی ئامادە بووانی ڕاکێشا بەجۆرێك کە بڵاوکراوەی فرێدریکستاد بلادو دیموکراتن وێنەکانی لە ڕۆژی ئایندەدا بڵاو کردەوە. دوا بەدوای ئەمە شیرین محسن ووتاری ڕێکخراوی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد کە جەختی لە جیایی دین لە دەوڵەت کردەوەو داوای لە ڕێکخراوو حیزبەکان کرد کە پشتیوانی لە ڕێکخراوی ئازادی ژنان و کارو خەباتەکەی بکەن و بەهێزی بکەن. دوابەدوای ئەمە بەشداربووانی ڕێپێوانەکە بەرەو هۆڵی کافەی مالەینکی بەڕێکەوتن بۆ تەواو کردنی بەرنامەی ئەو ڕۆژەیان کەیەکێك لەوانە ناساندنی زیاتری ڕێکخراوی ئازادی ژن و ئەو سەنتەرەی کە ڕێکخراو لەشاری بەغداددا کردویەتیەوە بوو وە دواتریش کۆمەکی ماڵی‌یان بۆ سەنتەر کۆکردەوە کە بڕی 3910 کرۆن بووبەمجۆرە: بڕی 1330 لەلایەن بور ئوگلەنە- کولتور کونتور، بڕی 1930 هی مارش کڤینە ساکسفۆرێنین، وە بڕی 680 کە لە کۆبوونەوەی سالآنەی ئەو ڕێکخراوەدا کۆکرابۆوە. هەر لە میانەی ئەم بەرنامەیەشدا ڕێکخراو بێ چالاکی نەمایەوە بەڵکو بە شانۆگەریەك کە لەلایەن پەیمان غریبەوە ئامادە کرابو بەشداری کرد. لەم شانۆگەریەدا پەیمان غریب و سۆیبە محەممەدو سنور داراو سۆزان دارا دەوریان تیادا بینی. شانۆگەریەکە تەعبیر بوو لە موعاناتی ژنانی عێراق و چالاکیەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن بۆ کۆمەك کردن بەو ژنانەی کێشەیان هەیە.




ڕێپێوانی شاری فرێدریکستاد








پیکیتی ڕۆژانی 4و 5 ی مارسی ئۆسلۆ












**ئاهەنگی ئێواری 5 ی مارس لە ئۆسلۆ**




















میتینگو ڕێپێوانی ئۆسلۆ

**ڕێکخراوی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج**

2005/03/10